





# رەنگی رەشیش مۆدەیە

مۆدەکانی جلوبەرگ لە کاری تازە و نوێ دەردەکەوێت و لەگەڵ هەر وەرزێك شێوازێکی دیکە لە مۆدەکان بەدی دەکرێت، ئەمەش وەك ئەنجامێك بۆ زیاتر رازاندنەوەی جوانی جەستەی خانمان. بۆ ساڵی تازە و بە تایبەت بۆ وەرزی بەهار، چەندین جۆرە مۆدەی جلوبەرگ پەیدابووە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر مۆدەیەك جوانی خۆی هەیە، ئێمەش لێرەدا باسی مۆدەیەك دەکەین، سەرتاپای لە رەنگی رەش نەخشێنراوە.

رەنگی رەش، وەك رەنگێکی سەرەنجراکێش دەتوانێت چەندین مۆدە برِزانێتەوە، بە تایبەت ئەگەر بێت و مۆدەکە کراس یان بلووزی درێژ بێت، وەك ئەم چەند جلەی لە وێنەکاندا دەبینن هەر یەکەش جۆرە مۆدەیەکی ناسکی لە خۆ گرتووە، هەر یەکە جیاوازە لەوەی دیکە لە شێوازی نەخش و شێوەی مۆدە.






# کریستاڵەکان بۆ رازاندنەوەیماڵەکەت

گرنگی دان بە گشت لایەنێکی ماڵ وەك ئەرکێکی سەرەکی گشت خانمێکە، ئەمەش مەبەستی داهاتووی لە ماڵێکی جوان و ناسك دەردەکەوێت، هەر کەرەستەیەك یان ئێکسسوارێك کاتێك لە ماڵ دادەنرێت شوێنگە و تایبەتمەندی خۆی دەبێت و جوانییەکی گەورە دەبەخشێت. بوونی ئێکسسواری کریستال (سوورەیا) وەك شێوەیەك بۆ جوانکردنی بەشی سەرەوەی ژوورەکان یان هەر شوێنێکی ماڵ.

کاتێك گشت لایەنێکی خوارەوەی ماڵ بە کەرەستەیەك دەرِازرێتەوە، بێگومان سەرەوەی ئەو شوێنانە چۆڵەوانی پێوە دەردەکەوێت، بەمەش دەبێت بە رێگەی ئەو ئێکسسوارانە مەبەستمان (کریستاڵ)ە شوێنە بۆشاییەکان جاون بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ رووناکی، کاتێك ئێکسسوارەکان بە گلۆپ و ئامێرە رووناکییەکان دەبن.





# چۆن پێستی دەم

**خاتوو مەرام لە سالۆن مریام لە وڵاتی فەڵەستین بۆمان دەنێرێت،**

گرنگی دان بە جوانی پێست دەبێتە رێگەیەکی سەرەکی بۆ جوانی و ناسکی رەنگ و تەندرووستی پێست، بە شێوەیەك رێگەیەك دەبێت تاوەکو جوانی پێست ببێتە هۆکارێك بۆ جوانی رووخسار، دواتریش نەرمی و ناسکی پێوە دەربکەوێت، کاری گرنگی دان و پاراستنی پێست دەبێتە هۆکارێك ئەمەش لە رێگەی نەرم کردن و رازاندنەوەی پێست.

کاری جوانکردن و هەنگاوەکانی پێست دەبێ زیاتر لە رێگەی کەسەکە خۆی بێت، ئەمەش وەك هەنگاوێکی سەرەکی، لە کاتی ئێواران یان درەنگانی شەو، کاری لێدانی کرێمی تەرِکردنی پێست دابنرێت، چونکە شەوانە پێستی مرۆڤ خواردن وەردەگرێت لە خوێن و خواردن، لەگەڵ دانانی ئەو کرێمە دەبێتە گیراوەیەك بۆ نەرمکردنی پێست، بەمەش ئەم گیراوەیە زاڵ دەبێت بەسەر پەڵەی رەش و زیپکەی سوور، لەگەڵ چەندین ئەو گرفتانەی تووشی پێستی دەم و چاو دەبێتەوە.



# قژە کورتە خاوەکان لە مۆدەی ئەمساڵدا

مۆدەکانی دەرخستنی تازە بۆ جوانکردن و تەسریحەی قژ، بە هەر ڕێگەیەك لە شێوازی نوێ دەردەکەوێت و نشونمایەکی تایبەتی دەبێت. کاتێك خانمان بە تەسریحەیەك یان شێوازێکی بڕین بۆ قژ هەڵدەبژێرن، بەبێ ماندووبوون دەبن بە خاوەن قژێك لە چەندین شێوازی ئامادەکردنی تەسریحەی ئامادەکراو یان جوانکردنی قژ، ڕازاوەتر دەبێت.

یەکێك لە هەنگاوەکانی مۆدەی قژ، بریتییە لە (بڕینی قژ) بە شێوازێك ببێتە هۆکارێك بۆ زیاتر جوانکردنی قژ. ئەم چەند تەسریحەیەی دەیبینن بریتییە لە تەسریحەی قژ دوای بڕین، لێرەدا شێوازی بڕینەکە گرنگی هەیە و دەتوانرێت لە ڕێگەیەوە داهاتووی مۆدەکە دیاری بکرێت، ئەم مۆدەی بڕینە بە بڕینی خاو یان کراوە دەناسرێت و هەوڵبدەن سوودی لێوەربگرن.

# ـــوچاوت دەپارێزیت؟





# بەرماڵ و فەرش لە دیکۆری ماڵەکەت





کاتێك هەنگاوەکانمان بۆ جوانکاری ماڵ و زیاتر دانانی شێوازێکی جوانتر لە شێوازی پێشوو، پێویستی بە جوانی و کاری تازەیە، ئەمەش بیرکردنەوەی دەوێت کاتێك شتێکی جیاواز لە کەرەستەکانی پێشووی بۆ زیاتر دادەنرێت. یەکێك لەو کەرەستانەی بۆ ماڵ پێویستە بریتییە لە بەرمال و فەرش، دەتوانرێت ئەو دوو کەرەستەیە لە گشت شوێنێکی ماڵ دابنرێت.

دوو جۆر لە فەرش و بەرمال هەن، یەکێکیان گەورەیە و، وەك کەرەستەیەکی سەرەکی دادەنرێت، ئەوەی دیکەش بچووکە و دەکرێت لە هەندێك شوێن دابنرێن بۆ زیاتر جوانکردن و ڕازاندنەوەی ئەو شوێنە، ئەوەی لەم وێنانە دەبینن بریتییە لە جۆری بچووك، زیاتر وەك کەرەستەیەکی جوانکاری دادەنرێت، مەرجێکی دیکەش هەیە بۆ ئەو دوو کەرەستەیە، هەرچەندە بە نەخشی ناسك و کراوە بێ، جوانییەکی گەورەتر دەبەخشێت.

# ئەمە نمایشە یاخود ئازاردانی جەستە؟







نمایشە سەیرەکان ڕۆژانە دەردەکەوێت ئەوانەی تایبەت دەبن بە خۆ کووتان وئازاردانی جەستە، ئەمەش بە مانای بەهێزی و بەهرەی ئەو کەسانە دێت کاتێك بەشداری لە نمایشەکاندا دەکەن، ئەمجارەشیان لە وڵاتی بەرازیل گەورەترین نمایشی جەستە ئازاردان کرایەوە، ئەمەش لەسەر داواکاری ئەو کەسانە بوو، ئەوانەی جەستەی خۆیان بەر شتی تیژ و گەورە.

ئەم (٣) وێنەیە لە کاتی نمایشەکە وەرگیراوە و هەر یەکەش بریتییە لە حاڵەتی خۆ کووتان و کاری جەستە بڕین، وێنەکەش بریتیە لە خانمێك جەستەی خۆی داوەتە بەر سەدەها ئەڵقەی جەستە بڕ، ئەو پیاوەی دیکەش بزمار و شتی لە سەری چەقاندووە، ئەوەش سێیەمیش شیشێکی لە زمانی داناوە!



# بۆ ئەوەی لەدوای خواردنی ئایس کرێم ددانەکانت بشۆی

پاراستنی ددانەکانمان وەك هەنگاوێکی گرنگە و دەبێت ڕۆژانە پاك بکرێنەوە و تەندروستیان بپارێزرێت، بە تایبەت کاتێك خواردنێك دەخورێت زیانی بۆ ددانەکان دەبێت، چەند جۆرە خواردنێك هەیە کاریگەری لەسەر تەندروستی ددان دەبێت، بەڵام زۆر جار بیرمان دەچێت ددانەکانمان بشۆین دوای خواردنی ئەو جۆرە خواردنانەی زیانیان هەیە. بۆیە لەلایەن کۆمپانیایەکی وڵاتی کۆریا شێوازێکی بە بیر هێنانەوەی ددان شووشتنیان داهێناوە، ئەمەش لە ڕێگەی دروستکردنی داری ئایس کرێم لە شێوەی فڵچەی ددان شووشتن، ئەمەش کاتێك کەسێك ئایس کرێمەکە دەخوات، لە کۆتاییدا شێوەی فڵچەکە دەبینێت و ددان شووشتنی بە بیر دێت، چونکە ئایس کرێمی قاوە بۆ ددان زیانی هەیە.

# درێژترین



# شاجوانی شیکۆلاتە دەخوات و دەپۆشێت

لە جیهاندا گرنگییەکی زۆر بە شـــیکۆلاتە دەدرێت، چونکە بە خواردنێکی بەسوود و چاك دادەنرێت، لەگەڵ ئەوەشـــدا لـــە بوارەکانی دیکـــە بەکاردەهێنرێت بۆ ئەوەی شتی دیکەی لێوە دروســـت بکەن، لەوانەش جلوبەرگ و یـــان جلێك لە شـــیکۆلاتە. لە وڵاتی فەرەنساش هەمان حاڵەت هەیـــە بۆ گرنگیـــدان بە جوانی و شیکۆلاتە.



دوای ئەوەی شـــاجوانی وڵاتی فەرەنســـا (راشیل لۆگران) بە شاجوانی ئەو وڵاتە دەناســـرێت، لەلایەن کۆمپانیایەکی شیکۆلاتە لـــەو وڵاتە، کراســـێکی جـــوان لە شـــیکۆلاتە بۆ شـــاجوان دروست دەکرێت. وەك دەبینـــن چۆن خانمە شاجوان کراسێکی دروست کراوی لە شـــیکۆلاتەی پۆشـــیوە. هەروەها لە وێنەیەکی دیکە خانمە شاجوان بە کەوچکێك شـــیکۆلاتە دەخوات، ئەمەش وەك ریکلامێك بۆ شیکۆلاتە تاوەکو ببێتە خواردنێکی سەرەکی لە گشت وڵاتانی جیهان.



# بووکە شووشەی رۆبۆرت لە شێوەی خۆت

ئەوانەی حەز بە بووکە شووشە دەکەن، یان ئەو کەرەستانەی لە شێوەی مرۆڤ دروست دەکرێن بۆ جوانی و شتی سەیر، یەکێك لەو شتە سەیرانە بریتییە لە بووکە شووشەی تایبەت، ئەوانەی لەلای منداڵ و گەورەکان گرنگی پێدەدرێت. لە داهێنانێکی تازەی وڵاتی ژاپۆن توانیان ســـەیرترین جۆرە بووکە شووشـــە دروست بکەن، سەیری بووکە شووشەکە لەوەدایە وەك شێوەی مرۆڤە بە دەنگ و رەنگ.

وەك لە وێنەکاندا دەبینن چۆن دوو بووکە شووشـــە دانراوە و هەر یەکە لە شێوەی ئەو کەسەیە، هەر کەسێك دەتوانێت داوای بووکە شووشە بکات لە شێوەی خۆی، لەگەڵ ئەوەی وەك دەنگی خۆی قســـە بکات. زیاتر ئەو بووکە شووشانە بە رۆبۆت ناسراون، تەنیا ئەوە نەبێت شێوەیان لە رۆبۆت نییە و لە بووکە شووشە دروست کراوە.

# مار لەجیهان





گیاندارە شێوە گەورەکان نموونەیان کەمە، یان دەرناکەون بە ئاسانی لـــە بەرچاوی مـــرۆڤ، چەندین وێنەی گیانـــداری گەورەمان بڵاوکردۆتەوە و هەر یەکەش بە قەبارە و شێوەیەك بوون، لە وڵاتی ئەرجەنتین پێشبنی ئەوە دەکرێت مارێکی گەورە هەبێت لەو وڵاتە، ئەو شوێنەی پێشبینی لێدەکرێت لە نزیك رووباری بالی لە بۆرنیۆ، کەچی تا ئێستا بە چاو نەبینراوە.

بەم دواییە لەلایەن کەسێك بە کامێرایەکی تایبەت وێنەی مارەکەی وەرگرتـــووە، ئەمەش لە بەرزایی وێنەکەش بە جوانی دەرناکەوێت. بەم دواییە لەلایەن کەســـێکی دیکـــە وێنەیەکی دیکەی مارەکە وەرگیـــراوە بە جوانی دەردەکەوێـــت، وەك دوو وێنەکە دەبینن. بە پێی پێوانەی پسپۆران بۆ درێژی ئەو مارە پێشبینی دەکەن بگاتە زیاتـــر لە (٥٠) مەتر، بەمەش ئەگەر بێت و ئەو مارە راو بکرێت دەبێتە سەیرترین و درێژترین مار لە جیهاندا.

# ڕۆژنامەکان بۆ مۆدەیەکی نوێی






وەك سوود وەرگرتن لە گشت کەرەستەکان بۆ دروست کردنی بەرهەمی سەیر و جوان، لە وڵاتی سەیر و سەمەرە ئەویش وڵاتی (چین)ە، داهێنانێکی تازەیان داهێنا لە بواری جلوبەرگی ئافرەتان و خانمان، بۆیە بیریان لە دروست کردنی جلوبەرگ کردەوە لە لاپەڕەکانی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، چونکە



# وێنەکێشان لە پیت!

ئەوانەی دەتوانن لە بوارێك بەهرەیەك بەدی بهێنن، دەبن بە خاوەن نازناوی گەورە ئەمەش بەهۆی ئەو بەهرەیەی کارێکی جوانی بۆ دەکرێت. کارە سەیرەکانیش لە هەنگاوی ئەو کەسانە دەردەکەوێت بیر لە شتی سەیر دەکەنەوە و دەتوانن شتێکی لێوەی بەدی بکەن. لە وڵاتی بەریتانیا خانمە کچێك ناوی (کیرا)یە کاری چاپ دەکات لەسەر ئامێری چاپ.

دوای ئەوەی بیرۆکەیەکی بۆ دێت لەوەی چۆن وێنە بکێشێت لە پیتەکانی چاپکردن، وەك لە وێنەکاندا دەبینن چۆن وێنەی دروست کردووە لە پیتی چاپ، وێنەکانیش هونەرمەندی جیهانین کە ئەوانەن : تۆم هانکس – نیکۆل کیدمان.



# گەمەی دوای شەڕ



دەستکاری کردنی چەك و تەقەمەنی دەبێتە هۆی کارەسات و مردن، چونکە تەقەمەنی جێگەی متمانە نییە کاتێك لەبەر دەست دەبێت. ئەوەی سەیر بێت هەن گاڵتە و یاری بە تەقەمەنی دەکەن و، وادەزانن بۆ یاری کردن دروست کراوە، لە دیمەنێکی سەیری وێنەیەکی وەرگیراو لە وڵاتی ئەفغانستان، تا ئێستا بە ترسناکترین حاڵەت و سەیرترین وێنە دادەنرێت.

وەك لە وێنەکەدا دەبینن چۆن دوو هاوڕێ بە گوللە (ئاربیجی)یەك گاڵتە دەکەن، ئەوەی جێگەی سەیر بێت لەو ناوچەیە هەر یەکە چەکێکی لە دەستە و لەناو بازاڕە و شەقامەکان دەسووڕێنەوە، بەبێ ئەوەی کەسێك لێوەی بپێچێتەوە.



# پردێک بۆ پەڕینەوەی

کارە سەیرەکان بەرەو شێوازی تازە ڕێگە دەگرێت و بیرۆکەی سەیری لێوە هەڵدەکەوێتەوە، بە جۆرێك دەبێتە شتێکی سەیر لە چاوی ئێمە و سوودێکی گەورەی دەبێت بۆ گشت لایەنەکان، کێ باوەڕ دەکات لە داهاتوو شەقامێك هەبێ هەم شوێنی ڕۆیشتنی ئاو بێت و لەگەڵ ئەوەی شەقامێکی گشتی بێت بۆ





# جلوبەرگ بەکار دەهێنرێن

ئەو لاپەڕانە بەبێ سوود دەمانەوە دوای ئەوەی دەخوێنرانەوە. وەك لە وێنەکاندا دەبینن شێوازی جلەکان لە لاپەڕەی ڕۆژنامە دروست کراوە، لەگەڵ ئەوەی جلەکە لە کاتی ڕێکلامی ئۆتۆمبێل دانراوە تاوەکو جەماوەرێکی بەرچاو سەیری بکات و ببێتە مۆدەیەکی جوان بۆ گشت لایەنێك.

# هاوشێوە سەیرەکان!



خەڵکی وڵاتانی (چین –کۆریا – ژاپۆن) و چەند وڵاتێکی دیکە، شێوەیان لە یەکتر دەچێت و دەبێ زۆر بە وردی سەیریان بکەیت ئەگەر کەسێك بناسیت بۆ ئەوەی تێکەڵ نەبێت لەگەڵ کەسانی دیکە. وەك ئەوەی هەموویان کەسێك بن و تەنیا جیاوازییەکانیان لە چەند شتێکی بچووك بێت لە ڕووخساریان، ئەگینا هاوشێوەی یەکترن.

ئەگەر سەیرێکی ئەو وێنەیە بکەین کۆمەڵێك هاوشێوە دەبینین، ئەمانەش لە وڵاتی ژاپۆن دەژین، بۆیە ئەم کەسانەش هەڵبژێرداون چونکە گشتیان یەك شێوەیان هەیە و لە یەکتر دەچن، بۆیە دەبێتە حاڵەتێکی سەیر، چونکە ئێمە لە سرووشتی ناتوانین جیایان بکەینەوە ئینجا چۆن هاوشێوەکانیان بناسینەوە!



# بەلەم و کەشتی

هاتوچۆی مرۆڤ !

لێرەدا دەبێ باوەڕ بکەین، چونکە لە وڵاتی ئوسکەتلەندا توانیویانە پردێك دروست بکەن، لە شێوەی شەقام دەچێت و کەچی بە بەلەم و کەشتی هاتوچۆی لێوە دەکرێت، لەگەڵ ئەوەی بە ئامێرێکی گەورە کەشتییەکان دەخرێنە سەر ئەو شەقامە.


# ٤٥ کیلۆ بە برژانگی چاو هەڵدەگرێت!



کەس ناتوانێت بەهێز برژانگی چاوەکانی رابکێشێت، چونکە دەبێتە هۆی ئازارێکی زۆر و بە جۆرێك دەبێتە هۆی دارمان و کەوتنی ژێرەوەی برژانگەکان، بەڵام ئەو قسەیەی سەرەوە لەلای ئەو پیاوە چینیە گرنگی نییە و، بەهۆی برژانگەکانی نازناوێکی گەورەی بۆ خۆی تۆمار کردووە.

(سۆنگ تاو) ئەو پیاوەیە لە وڵاتی چین دەژییت و خاوەن برژانگێکی بەهێزە، وەك لە وێنەی خۆی دەبینن و چۆن داوێکی لە برژانگ و ڕەگەکەی خستووە، بە ڕێگەی ئەو داوە دوو سەتڵە ئاوی هەڵگرتووە، کێشی هەردوو سەتڵەکە دەگاتە (٤٥) کیلۆگرام ئاو، بەمەش دەتوانێت بڕی (٤٥) کیلۆ گرام بە برژانگەکانی هەڵگبرێت بەبێ ئەوەی ئازارێکی پێبگات.

## کەلـــوەکـــان




**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

بەخت دەبێتە هاوڕێت لەئەنجامدانی هەندێـــك کاری گرنـــگ دا، ئەم هەفتەیـــە بـــۆ تـــۆ گۆڕانکاری پۆزەتیـــڤ بەڕێوەیە کـــە ژیانت دەگۆڕێـــت، ئەگـــەر خۆشەویســـتت هەیە ڕەنگە گرفتێکی بچووك کاریگەری لەسەر پەیوەندی ســـۆزداری تۆ و خۆشەویستەکەت دروست بکات.



**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

ئەم هەفتەیە زۆر دەرگای نوێت بە ڕوودا دەکرێنـــەوە و دەبنە هۆکارێك بۆ ئەوەی ســـەرکەوتن لەکارەکانت بەدەســـت بێنی، ئەگەر خۆشەویســـتت نییە دەرفەتێکـــی گرنگت دێتە پێش بۆ ناســـینی کەسێك کە ئەگەر سەرنج ڕاکێش بێت بەلایەوە دەبێتە خۆشەویستت.




**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

لەوانەیـــە ئـــەم هەفتەیـــە لە زۆر بواردا ببێت باشترین هەفتە بۆ تۆ، سەردانی هاوڕێیان و بەسەرکردنەوەی خزمەکانـــت لەبەرنامـــەی چالاکییەکانی ئەم هەفتەیـــەت دا دەبێـــت، لەهەمـــان کاتدا زۆر بەپەلـــەی بـــۆ دیتنی خۆشەویســـتەکەت کە ماوەیەکـــە چاوت پێـــی نەکەوتـــووە و بیری دەکەی.




**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

لەهەر شوێنێك بیت دەبیتە مایەی سەرنجراکێشانی خەڵك، بۆیە پێش ئـــەوەی بەخت لێت دووركەوێتەوە کەســـێك هەڵبژێـــرە کـــە بەدڵی خۆت بێـــت. کاتی ئەوە هاتـــووە بەرنامەیەکی نوێ بۆ ژیانی ڕۆژانەت دابنێی چونکە ئەو گۆڕانکارییانە ئەنجامی باشی بەدواوە دێت.



**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

دیتنی هاوڕێکانـــت دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم هەفتەیە زۆر هەست بە دڵخۆشـــی بکەی لەبەرئەوەی ماوەیەکە لێیان دابڕاوی، ئەتەوێ لای خەڵك وا پیشـــان بدەی کە لەخۆشەویستیدا بەختت نییە ئەوەندە بێ هیوا مەبە ئەگەر دەرگایەك داخرا زۆر دەرگای ترت بۆ دەکرێنەوە.



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

بیر لەدۆزینەوەی کەسێك ئەکەیتەوە بۆ ئەوەی ببێتە هاوبەشـــی ژیانت، دەستکەوتێکی دارایی بەڕێوەیە کە ئێستا زۆر پێویستت پێی هەیە، هەندێ کات هەســـت بە دڵتەنگی دەکەی بەبێ بوونی هیچ هۆیەك، واباشـــترە بیر لەئایندەیەکی باشتر بۆ ژیانی خۆت بکەیتەوە.

ئا/ هێمن قەسرەیی

## مۆبایلێک لە جەستەی ماسییەک!

بێ هیوا مەبن ئەگەر مۆبایلتان کەوتە ناو ئاوی دەریا یان کەوتە ناو ئاوێك و ون بوو، چونکە هیوای گەڕانەوەی دەبێت و ڕەنگە لە داهاتوو بە ڕێگەیەکی سەیر بیدۆزیتەوە. ڕاوچییەکی ماســـی لە وڵاتی بەریتانیا کاتێك ماسییەك دەگرێت، دەبێتە خاوەنی ئامێرێکی مۆبایلیش..



ئەمەش چونکە ماســـییەکە لـــە پێشوودا مۆبایلێکی خواردبـــوو، بۆیـــە کاتێك ماســـییەکە پـــاك دەکرێـــت لەنـــاو جەســـتەی دەدۆزرێتەوە. ئەوەی ســـەیر بێت خاوەنی مۆبایلەکـــە ئەویش ڕاوچـــی ماســـی بوو لەو شـــوێنەی ماســـییەکەی لێوە ڕاو کراوە.



## منداڵێک لە تاریکیدا دەژی

ئەو منداڵەی دەیبینن تووشی سەیرترین نەخۆشی هاتووە، نەخۆشییەکەشـــی بریتییە لە نەمانـــی بۆیەی (میلانین) لەناو جەستەیدا، بەمەش کار دەکاتە سەر ڕەنگ و شێوەی پێست و چاوەکانی، ئەم ماددەیە ئەلیمنۆ دروست دەکات و ئەویش بەرپرسە لە دانانی ڕەنگی چاو و پێست. لەگەڵ ئـــەوەی منداڵەکە ئەو نەخۆشـــییەی گرتووە، کەچی ناتوانێت لە ڕووناکی بژێت، چونکە تووشـــی ژان دەبێـــت، تەنیـــا لە تاریکی و شـــوێنی دوور لە خۆر. ئەو منداڵە ناوی (ســـانیا)یە و لە ولایەتی ئەلاســـکا دەژێت لە وڵاتی ئەمەریکا، لەگەڵ ئەوەشـــدا چارەسەری نەبووە تا ئێستا!

## بۆ ناســـوودەیت

☺ - کچێك سەیری دایکی دەکات ملوانکەیەکی جوانی لە مل بوو، کچەکە بە دایکی دەڵێت : دایکە ئەو ملوانکە جوانە باوکم بۆ تۆی کڕیوە ؟
دایکەکـــەش دەڵێت : کچم ئەگـــەر بە تەمای باکت بوومایە تۆشم نەدەبوو!!!

☺- کەســـێکی گێـــل دەچێت بەفـــر بکڕێت، کاتێك دەگاتە لای بەفر فرۆشەکە و پێیدەڵێت :
کامە بەفر ساردترە ئەوەم بۆ دابنێ!


## مرۆڤی دوو ڕووخسار



ماوەیەکە چەندین شێوە و ڕووخساری سەیر بۆتە مۆدە لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا، مۆدەکەش بریتییە لە جوانکردنی دواوەی ســـەری گەنجەکان بە وێنە و شـــێوەی سەیر، بە جۆرێك ئەوەی لە پشتەوە سەیری بکەیت وادەزانیت مرۆڤێکە و بە پێچەوانە دەڕوات.


کەچی ئەگـــەر لێوەی نزیك بکەویتـــەوە، وێنەکەش بە جوانی دەبینی لە کاری دەســـتی دروســـت کراوە، ئەوەی جێگەی سەیر بێت ئەو جۆرە مۆدەیە لە بازاڕەکان و شوێنە گشـــتییەکان دادەنرێت، ئەگەر سەیرێکی وێنەکە بکەیت و شێوەی کەسێکی دیکە لە دواوە دەبینیت.

# کەلـــوەکـــان




**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

بایەخدان بە جوانیت ڕێگایەکە بۆ سەرنجڕاکێشانی کەسی بەرامبەرت، چونکە هەندێ جار بایەخ بە جوانی خۆت نادەی. هاوڕێیەکت داواکارییەکی تایبەتت لێ ئەکات بۆی جێبەجێ بکە بۆئەوەی هەست بە دڵتەنگی نەکات،تۆ کەسێکی ڕاستگۆی ئەمەش زۆر تۆی لای خەڵك بەڕێز کردووە.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

ئێستاش یادەوەرییەکانی پەیوەندییە سۆزداریەکانت دڵی تۆیان داگیرکردووە، ئەگەر ئەو کەسە هەر داواکارییەکی لێ کردی ڕەتی مەکەوە بۆ ئەوەی واهەست نەکات تۆ ڕقت لێی ئەبێتەوە، بەشداریکردنت لەبۆنەیەکی کۆمەڵایەتیدا دەبێتە هۆی ئاشنابوونت بە هاوڕێیەکی نوێ.




**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

لەگەڵ کەسی بەرامبەر بەردەوام بن لە ڕووبەڕووبوونەوەی گرفتەکان بۆ ئەوەی لەمەو دوا هەست بە ئاسوودەیی بکەن و خۆشترین ساتەکانی تەمەنتان بەسەر ببەن. هیچ بایەخ بە قسەی ئەو کەسە مەدە کە هەوڵ دەدات باوەری پێ بکەی چونکە ئەو بەرژەوەندی تۆی ناوێت.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

گوێ گرتن لەگۆرانی و موزیك بەشێك لەخەمەکانت دەڕەوێنێتەوە. ئەم هەفتەیە لە ڕووی کارکردنەوە زۆر بەسوودە بەتایبەتی کاتێك هەندێ کاری قورس بە سەرکەوتوویی جێبەجێ دەکەی کە خۆشت باوەڕت نەدەکرد. هەواڵێکی خۆشت پێ دەگات.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

کاتێك دیاری بکە بۆ گفتووگۆکردن لەگەڵ هاوڕێیەکی خۆشەویستت کە ماوەیەکە پەیوەندیتان لاواز بووە، سەفەرێکی خۆش دەکەی بەهۆی بینینی ژمارەیەك لە کەسە نزیکەکانت، ژیان ڕۆژێك و دووان نییە بۆیە بەباشی بیر لەکارەکان بکەوە پێش ئەوەی ئەنجامیان بدەی.




**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

چاوەڕوانی بیستنی وشەیەکی لەدەمی هاوڕێکەت تا رازی دڵی خۆت پێ بڵێیت، ئەم هەفتەیە پشوو دەدەی و لەڕووی سۆزداریەوە ڕەنگە کەسێکی نوێ بچێتە ناو دڵتەوە کە هەرگیز پێشبینیت نەدەکرد، خەندە بکە هاوڕێی خۆت و لە تووڕەبوون دووربکەوە.

ت/ فەرهاد محەمەد ئازگەیی

١ ٢ ٣ ٤ ٥ ٦ ٧ ٨ ٩ ١٠ ١١ ١٢



١ ٢ ٣ ٤ ٥ ٦ ٧ ٨ ٩ ١٠ ١١ ١٢

## ئاسۆیی:

١- ببورە بە ئینگلیزی- ژمارەیەکە- هێرشبەرێکی یانەی ئینتەرمیلانە.
٢-پیتێك+ ناوی دووەمی گۆرانیبێژێکی میسریە- پایتەختی یابان.
٣- ناوی گۆرانیەکی هاوبەشی خاوەنی وێنەکەیە لەگەڵ مەروان خوری- ویلایەتێکە لە ئەمەریکا.
٤- درۆ بە بادینی- پاشا- شانە(ت).
٥- دوو پیت لە(هێڵپ)- وەکویەکە.
٦- ------
٧--------
٨- نیوەی(ئایا)- دووپیت لە(باوك).
٩- پایتەخی ئیتاڵیا- بورجێکە- ناوی یەکەمی ئەستێرەیەکی هۆلیۆدە
١٠- شیرین(ت)- ناوێکی کچانەیە+ پیتێك
١١- نەوال(ت)- خزمێکی نزیکە
١٢- یونس(ت)- نیوەی(دینا)- کچە گۆرانیبێژێکی کوردە(پ)

## ستوونی:

١- وڵاتێکی باکووری ئەوروپایە- تیپێکی فۆرمولاوەنە.
٢- ئۆتۆمبێلێکە (پ)- وڵاتێکی ئەوروپیە.
٣- قەزایەکی سەر بە پارێزگای هەولێرە(پ)- پێچەوانەی(گەرما)(پ).
٤- وایە(ت)لا- چوار پیت لە(واین رونی).
٥- وەکو یەکە- پێچەوانەی (پەیت).
٦- -----
٧- -----
٨- دووپیت لە(تەم)+دووپیت لە (ژیبان).
٩-شارێکە- ژمارەیەکە- ناوێکی کچانەیە.
١٠- شاکار (ت)- باران(ت).
١١- میوان(ت)- پێنج پیت لە کارزان.
١٢-کچە گۆرانیبێژێکی کوردە- ژمارەیەکە- دایك(ت).

## بۆ زاخـــاوی مێشک

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (شوێنێکی بەرز لە راستایی زەوی)
- پیتی خانەکانی (٥+٦+٧) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ڕەنگێکە، پێچەوانەی ڕەنگی سپی)
- پیتی خانەکانی (٣+٤) کۆبکەیتەوە بە مانای (ژمارەیەکە دوای کۆی دوو (٥)ە )
- پیتی خانەکانی (٥+٦+١) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ژێرەوەی دار ئەوەی لە ژێر زەویە)!

* وەلامی ژمارەی پێشوو وشەی (لەیلا قاسم) بوو